بارزانی وشەرع جەخت لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی دیمەشق و هەسەدە دەکەنەوە



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی و ئەحمەد شەرع، سەرۆکی سوریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر پەیوەندی تەلەفۆنیان ئەنجامدا و شەرع پابەندبونی سوریای بۆ مافە نەتەوەیی و سیاسی و مەدەنییەکانی کورد دوپاتکردەوە، بارزانیش جەختی لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی دیمەشق و هەسەدە کردەوە.

ئاژانسی سانای فەرمی سوریا باویکردەوە، ئەحمەد شەرع و مەسعود بارزانی پێیوندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداوە و تاوتوێی پێشهاتەکانی سوریایان کردوە.

ئاماژەی بەوەشکراوە، شەرع پابەندبونی سوریای بۆ مافە نەتەوەیی و سیاسی و مەدەنییەکانی کورد دوپاتکردەوە، هەروەها "بارزانی پێشوازیی لە ڕێککەوتنی هەمەلایەنەی نێوان حکومەت و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کرد و جەختی لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی کرد بۆ دەستبەرکردنی سەقامگیری سوریا".

حکومەتی دیمەشق و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) گەیشتونەتە ڕێکەوتنێك بۆ یەکخستنی قۆناغ بەو قۆناغی هێزی سەربازی و ئیداری لەو نێوان هەردولادا.

بەپێی ڕێکەوتنەکە، ڕێککەوتنەکە بریتییە لە کشانەوەی هێزە سەربازییەکان لە خاڵەکانی بەرکەوتن، هاتنە ناوەوەی هێزە ئەمنییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ناو سەنتەری شارەکانی حەسەکە و قامیشلۆ و دەستپێکردنی یەکخستنی هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەکە، هەروەها فیرقەیەکی سەربازی پێکدەهێندرێت کە سێ لیوا لە سوپای هەسەدە لەخۆدەگرێت.

هەروەها هاتوە، لیوایەك لە هێزەکانی کۆبانی لە چوارچێوەی فیرقەیەکی سەر بە پارێزگای حەلەب پێکدەهێنرێت، هەروەها ڕێککەوتنەکە بریتییە لە یەکخستنی دامودەزگاکانی ئیدارەی خۆسەر بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی سوریا، لەگەڵ ڕێکخستنەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی، جگە لەوەش ڕێککەوتن لەسەر یەکلاکردنەوەی مافە مەدەنی و پەروەردەییەکانی گەلی کوردستان و زامنکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان کرا.